# دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاری کۆمەڵگەیی لە شاری خورماڵ (توێژینەوەیەك لە جوگرافیای خزمەتگوزاری)

دڵشاد رفیق محمدعلی، بەیان علی حسین

بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** شاری خورماڵ ناوەندی قەزای خورماڵە و دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەڵەبجە، رووبەری شارەکە (3.3کم2)، لەم ناوچەیەدا پێداویستی دانیشتوان بۆ خزمەتگوزارییەکان بەگشتی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان بەتایبەتی بەردەوام لە زیادبووندایە، هەر بۆیە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە ڕوونکردنەوەی جۆرو شێوازی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان و توانستی دابەشبوونیانە لە ڕووی شوێنی و وەزیفیانەوە. توێژینەوەکە دەریخستووە کە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکان بە شێوە و ڕێژەی جیاواز بووە، هەروەها نەخشەی دابەشبوونی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکە دیاریکراوە، ئەوەی جێگەی بایەخپێدانە بە پێی داتاکانی ساڵی (2024)، ڕووبەری خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە ناوچەی توێژینەوە بریتییە لە (208176م2)، کە دەکاتە (6.29%)ی کۆی ڕووبەری سنووری شارەوانی شارەکە، گەورەترین پشك بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانییە بە ڕووبەری (136157م2)، کە دەکاتە (4.12%)، و پاشان خزمەتگوزاری فێرکاری بە ڕووبەری (33842م2)، کە دەکاتە ڕێژەی (1.02%) هاتووە، دواتر خزمەتگوزاری ئایینی بە ڕووبەری (33493م2)، کە دەکاتە ڕێژەی (1.01)، و پاشان خزمەتگوزاری تەندروستی کەمترین ڕووبەری بەرکەوتووە کە بریتییە لە (4684م2)، کە دەکاتە ڕێژەی (0.14%)ی کۆی ڕووبەری شارەکە. ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکی گرنگە لە تێگەیشتن لە ڕەوشی ئێستا و پلاندانان بۆ داهاتووی خزمەتگوزارییەکان لەشارەکە. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا داوا لە لایەنی بەرپرس کراوە کە ماستەر پلانێکی نوێ بۆ ئایندەی شارەکە دابنرێت لەسەر بنەمای زانستی کە تێیدا ڕووبەری گونجاو بۆ هەر خزمەتگوزارییەك دیاری بکرێت.

**کلیلە ووشەکان:** دابەشبوون، خزمەتگوزاری، کۆمەڵگەیی، خورماڵ.

## پێشەکی:

خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان بنەمایەکی گرنگ و پێویستن کە دەبێت بۆ تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک دابین بکرێن، ئاستی پێشکەوتن و شارستانیەتی کۆمەڵگاکان لە ئێستادا بەندە بە بەردەستبوونی ئەم خزمەتگوزارییانە لە هەردوو ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، هەروەها پەیوەستە بە بوونی ئەم خزمەتگوزارییانە و توانایان بۆ گونجان لەگەڵ پێوەر و نیشاندەرەکانی پلاندانان. خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان کۆمەڵێک خزمەتگوزاری جیاواز لەخۆدەگرن، لەم توێژینەوەیە تیشک دەخەینە سەر چەند جۆرێکی دیاریکراوی ئەم خزمەتگوزارییانە کە بریتین لە خزمەتگوزاری فێرکاری، تەندروستی، ئایینی و خۆشگوزەرانی، ئەم خزمەتگوزارییانە بە گشتی وەک خزمەتگوزاری ڕووپێوی ناسراون، چونکە ڕووبەر و پانتاییەکی دیاریکراو لە زەوی داگیر دەکەن، هەروەها بۆ سوودمەندبوون لەم خزمەتگوزارییانە پێویستە دانیشتوان بەرەو شوێنی ئەم خزمەتگوزارییانە بجووڵێن. بۆیە پێویستە لە ناوەندە زانستیەکاندا زیاتر توێژینەوە لەسەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکانیش پێشکەشی لایەنی پەیوەندیدر بکرێت تاکو بزانرێت ئایا خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و گونجاو دابەشکراون بۆ باشترکردنی ژیانی دانیشتوان.

### لایەنی تیۆری توێژینەوەکەمان بەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

**1- کێشەی توێژینەوە:**

أ- ئایا خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی نایەکسان لەناو گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە دابەشبوون؟

ب- ئایا هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزارییەکان هەمان نارێکیيان هەیە لە دابەشبوونیان، یان هەندێکیان ڕێکتر دابەشکراون؟

**2- گریمانەی توێژینەوە:**

أ- خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەناو گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە دابەشنەبون.

ب- هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزارییەکان هەمان نارێکیيان نیە لە دابەشبوونیان، هەندێکیان ڕێکتر دابەشکراون.

**3- ئامانجی توێژینەوە:**

هەوڵدان بۆ ناساندنی شێوازەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شارەکە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی دروستبوونی چەندین شێوازی جیاواز لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان، بۆ

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp77-88

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 2 حزيران 2025؛ قُبل في 20 تموز 2025؛ نُشرت في 25 كانون الثاني 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: bayan.hussain@univsul.edu.iq, dilshadrafiqq@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2026 دڵشاد رفیق محمدعلی، بەیان علی حسین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

تێگەیشتن لە دینامیکی ئەم دیاردەیە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ باشترکردنی دۆخی خزمەتگوزارییەکان لە داهاتوودا لە ناوچەی توێژینەوە.

**4- گرنگی توێژینەوە:**

دەستنیشانکردنی خزمەتگوزارییەکان و شێوازی دابەشبوونیان لەسەر ئاستی گەڕەکەکان، و پاشان شیکردنەوە و چۆنیەتی دابەشبوونیان، هەروەها دەرخستنی ئەو ڕووبەرانەی کە خزمەتگوزارییەکان لە کۆی ڕووبەری سنووری ناوچەی توێژینەوە داگیریان کردووە.

**5- ڕێبازی توێژینەوە:**

لەم تێژینەوەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی جۆرەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە ناوچەی توێژینەوە، هاوکات لەگەڵ میتۆدی وەسفی هەریەک لە میتۆدەکانی شیکردنەوە و بەراوردکاریمان بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی داتاکان و بەراوردکردنیان بەپێی پێویستی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە.

**هەڵکەوتەی شوێنی توێژینەوە:**

**1- شوێنی جوگرافی:** شاری خورماڵ کەوتۆتە باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەڵەبجە، وەك لە نەخشەی (1)دا دیارە، لە ڕووی سنوری ئیداری و کارگێڕییەوە ناوچەی توێژینەوە مەرکەزی قەزای خورماڵە، کە ئەم قەزایە یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەڵەبجە، لە بەشەکانی باکوری خۆرهەڵاتدا هاوسنورە لەگەڵ وڵاتی ئێران بە درێژایی (18.96کم)، و لە بەشی باکوری خۆرئاواشدا قەزای سیدسادق، و هەروەها لە بەشی باشوری خۆرهەڵاتیدا ناحیەی بیارە و لە بەشی باشوی خۆرئاوایدا ناحیەی سیروان هەڵکەوتوون. هەر ئەم شوێنە جوگرافییەی شارەکە وەك خاڵی پێکەوە بەستنی ناوچەی شاخاوی لە خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵات بە پێدەشتی شارەزوور، شوێنێکی (گرنگی) هەیە، ئەم تایبەتمەندییە جوگرافییە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە گەشەکردن و پێشکەوتنی شارەکەدا لە چەندین ڕوو

**نەخشەی (1)**

**شوێنی شاری خورماڵ بە پێی قەزای خورماڵ و پارێزگای هەڵەبجە لە ساڵی 2024**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.**

**2- شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە:** لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیشەوەوە شاری خورماڵ کەوتۆتە سەر بازنەی پانی (13˝ 17´ 35˚ – 26˝ 18´ 35˚) باکور و هێڵی درێژی (53˝ 01´ 46˚ – 10˝ 03´ 46˚) ڕۆژهەڵات، بڕوانە نەخشەی (1).

**دابەشبوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵگەیی لە شاری خورماڵ**

دابەشبوون لە جوگرافیادا بریتییە لە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی دیاردەکان لە شوێنێکی دیاریکراودا، گرنگی ئەم چەمکە لەوەدایە کە بەردی بناغەی زانستی جوگرافیایە، تا ئەو ڕادەیەی کە زۆرێك لە جوگرافیناسان بە "دڵی جوگرافیا" ناوی دەبەن ( خیر،200، ص340). هاوکات چەمکی خزمەتگوزاری مەودایەکی فراوان و بەرینی هەیە، بەڵام ئەم چەمکە لە زانستی جوگرافیادا زۆر جیاوازە لە ڕوانگەکانی تر، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم جیاوازییە لە توێژینەوە و مامەڵەکردندا لایەنی شوێنییە، کە لەسەر بنەمای میتۆدی جوگرافی و فەلسەفەی توێژینەوەکەی دەبێت کە زانستە جوگرافییەکان پێی دەناسرێنەوە ( الطیف واخرون، 2009، ص8). خزمەتگوزاریە کۆمەڵگەییەکانیش گرنگییەکی بنەڕەتییان لە شارەکاندا هەیە، چونکە ئەمانە بناغەی گەشەسەندنی شارستانی و پێشکەوتنی هەر شارێک پێکدەهێنن (العبدلي، 2016، ص77). ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا پێویستە باسی لێوە بکرێت، دابەشبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانە لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە شاری خورماڵ (5) گەڕەکی هەیە و خزمەتگوزارییەکان بە شێوە و ڕێژەی جیاواز بەسەر ئەم گەڕەکانەدا دابەش بوون بەم پێیەش، هەر جۆرێک لەم خزمەتگوزارییانە بەم شێوەیەی خوارەوە تیشکی دەخرێتە سەر:-

**یەکەم/ دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری:**

خزمەتگوزاری فێرکاری یەکێکە لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییە گرنگەکان، کە پشتی پێدەبەسترێت لە ئامادەکردنی کادیری تەکنیکی و پیشەیی پێشکەوتوو بۆ پرۆسەی گەشەسەندن لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەرێمی، هەروەها پێداویستییەکانی پەروەردە و گەشەکردنی هەست و ئینتیمای نەتەوەیی مسۆگەر دەکات، و کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی ڕۆشنبیرکردنی تاک و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی نەتەوەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا ( مصیلحی، 2007، ص311). پرۆسەی خوێندنیش لە هەرێمی کوردستان پێش قۆناغی زانکۆیی سێ قۆناغی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتین لە (قۆناغی باخچەی منداڵان کە تیایدا منداڵان لە تەمەنی (4-5) ساڵی ئامادە دەکرێن بۆ خوێندن، قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی کە لە پۆلی (یەکەم)ەوە تا پۆلی (نۆ)یەم دەبێت و قوتابیان تیایدا فێری بنەماکانی خوێندن و زانست دەبن، قۆناغی سێیەم ئامادەییە کە لە پۆلی (دەیەم)ەوە تا پۆلی (دوانزە)یەم درێژە دەکێشێت و خوێندکاران ئامادە دەکات بۆ چوونە زانکۆ ) ( عزیز، 2016، ل580). لە ناوچەی توێژینەوە (10) خزمەتگوزاری فێرکاری هەن کە بەسەر هەر (5) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، بڕوانە خشتەی (1)، ئەم خزمەتگوزارییانە لە (9) بینادا دامەزراون، واتە هەموویان خاوەنی بینای تایبەت بە خۆیانن تەنها (قوتابخانەی هەوڵی بنەڕەتی) نەبێت کە لە (قوتابخانەی ئاوێسەری بنەڕەتی) میوانە.

**خشتەی (1)**

**خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| جۆری خزمەتگوزاری فێرکاری | ژمارە | % |
| --- | --- | --- |
| باخچەی منداڵان | 1 | 10 |
| قوتابخانەی بنەڕەتی (1-6) | 4 | 40 |
| قوتابخانەی بنەڕەتی (7-9) | 3 | 30 |
| قوتابخانەی بنەڕەتی (1-9) | 1 | 10 |
| خوێندنگەی ئامادەیی | 1 | 10 |
| کۆی گشتی | 10 | 100 |

**سەرچاوە/ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024- 2025.**

**نەخشەی (2)**

**دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: خشتەی (1) لە ڕێگەی بە کارهێنانی بەرنامەی سیستەی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) ڤێرژنی 10.8.**

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان هەوڵ دەدەین بەپێی جیاوازی قۆناغەکانی خوێندن باس لە هەر یەکێکیان بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

1- **باخچەی منداڵان:** لە چوارچێوەی فێرکردن و پەروەردەدا، قۆناغی باخچەی منداڵان گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵدا، لەم قۆناغەدا منداڵ لە گۆشەنیگای جەستەیی، دەروونی و عەقڵییەوە لە گەشەسەندنێکی بەردەوامدایە (العامري، 2014، ص67). بە سەیرکردنی داتاکانی خشتەی (2)، بۆمان دەردەکەوێت لە سنووری ناوچەی توێژینەوە تەنها یەک باخچەی منداڵان هەیە کە ڕووبەرەکەی (4617م²)، ئەم باخچەیە لە گەڕەکی فەرمانبەران هەڵکەوتووە و (162) منداڵ تێیدا وانە دەخوێنن یەك دەوامە، لە ڕووی ستافی مامۆستایانەوە (8) مامۆستای هەیە و (4) هۆبەی تێدایە. هەڵبژاردنی شوێنی ئەم باخچەیە لەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ تازەیی گەڕەکەکە و بوونی زەوی بەتاڵ لەو گەڕەکە، ئەمە جگە لە نزیکی و بە ئاسانی دەستڕاگەیشتنی منداڵانی چەندین گوندی دەوروبەر، لەوانە گوندەکانی (ئەحمەدئاوا، ناوباخان، زەڵم، ڕۆستەم بەگ و دێکۆن) کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە، ئەمەش وای کردووە کە باخچەکە ببێتە سەنتەرێکی گرنگی پەروەردەیی بۆ ناوچەکە و دەوروبەری.

**خشتەی (2)**

**دابەشبوونی ژمارەیی باخچەی منداڵان لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| باخچەی منداڵان | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م² | ژ. منداڵ | | ژ.مامۆستا | | ژ. هۆبە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| خورماڵ | فەرمانبەران | 4617 | 85 | 77 | 2 | 6 | 4 |
| | | | 162 | | 8 | | |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024-2025. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

2- **قۆناغی بنەڕەتی:** یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، لەم قۆناغەدا قوتابیان لە تەمەنی (6) ساڵییەوە دەست بە خوێندن دەکەن و تا تەمەنی (15) ساڵی درێژە دەکێشێت، واتە ماوەی (9) ساڵی خوێندن، ئەم قۆناغە وەک بناغەیەکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێت بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی منداڵان ( علی و حسين، 2022، ل175). لە ناوچەی توێژینەوە وەک زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا نەتوانراوە قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە یەک قوتابخانەدا کۆبکرێنەوە، تەنها قوتابخانەی (د. مصطفى زەڵمی) نەبێت کە قوتابخانەیەکی ناحکومییە توانیویەتی هەموو قوتابیان لەیەك قوتابخانەدا کۆبکاتەوە، هۆکاری ئەم دۆخەش لە لایەکەوە بۆ زۆری ژمارەی قوتابیان و لە لایەکی تریشەوە بۆ بچووکی ڕووبەری قوتابخانەکان و کەمی ژمارەی پۆلەکان دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە، قوتابیان بەسەر سێ ئاستی خوێندن لە چوارچێوەی قۆناغی بنەڕەتیدا دابەشکراون ئەوانیش بریتین لە:-

**أ- قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (1-6):** بە سەیرکردنی داتاکانی خشتەی (3)، بۆمان دەردەکەوێت کە (4) قوتابخانە بە کۆی ڕووبەری (10185م²) لە شارەکە بەدیدەکرێن، کە بەسەر (4) گەڕەکدا دابەشبوون، جێگای ئاماژەیە کە هەموو قوتابخانەکان دوو دەوامین تەنها قوتابخانەی (بێسارانی بنەڕەتی) لە گەڕەکی (قەڵا) یەك دەوامی تێدا دەکرێت بە هۆی کەمی ژمارەی قوتابییانەوە. ئەوەی تایبەتە بە ڕەگەزی قوتابخانەش لە ناوچەی توێژینەوە هەر (4) قوتابخانەکە (1465) قوتابی و (169) مامۆستا و (59) هۆبە لەخۆدەگرن، لە نێویشیاندا قوتابخانەی (خورماڵی بنەڕەتی) کە دەکەوێتە گەڕەکی (ئەردەڵان) ڕیزبەندی یەکەم وەردەگرێت بە کۆی (443) قوتابی و (54) مامۆستا و (18) هۆبە، کە یەك لەدوای یەك ڕێژەی (30%و 32%و 31%)ی کۆی ئەم قۆناغە پێکدەهێنێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەڕەکی ناوبراو گەڕەکێکی کۆنە و ژمارەی دانیشتوانیشی زۆرە، لە بەرامبەردا قوتابخانەی (بێسارانی هاوڕێی بنەڕەتی) لە گەڕەکی (قەڵا) لە ڕیزبەند کۆتا دێت، کە (268) قوتابی و (29) مامۆستا و (11) هۆبە، یەك بەدوای یەك ڕێژەی (18%و 17%و 18%)ی کۆی ئەم قۆناغە پێکدەهێنێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەڕەکی ناوبراو ژمارەی دانیشتوانی کەمە و هاوکات شوێنی قوتابخانەکە لە سەر شەقامی گشتی و سەنتەری بازاڕدایە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەکە.

**خشتەی (3)**

**دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (1-6) لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| قوتابخانە | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م² | % | ژ. قوتابی نێر | ژ.قوتابی مێ | کۆ | % | ژ. مامۆستا/ نێر | ژ. مامۆستا/ مێ | کۆ | % | ژ.هۆبە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەحمەدی خانی | دالآنی | 2455 | 24 | 210 | 215 | 425 | 29 | 22 | 29 | 51 | 30 | 18 | 31 |
| خورماڵی بنەڕەتی | ئەردەڵان | 1940 | 19 | 220 | 223 | 443 | 30 | 25 | 29 | 54 | 32 | 18 | 31 |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاوێسەری بنەڕەتی | ئاشتی | 4294 | 42 | 165 | 164 | 329 | 23 | 17 | 18 | 35 | 21 | 12 | 20 |
| پێشڕانی بنەڕەتی | قەڵا | 1496 | 15 | 143 | 125 | 268 | 18 | 12 | 17 | 29 | 17 | 11 | 18 |
| کۆی گشتی | 4 | 10185 | 100 | 738 | 727 | 1465 | 100 | 76 | 93 | 169 | 100 | 59 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024-2025. 2- سەردانی مەیدانی توێژەر.**

**ب- قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (7-9):** بە سەیرکردنی داتاکانی خشتەی (4) بۆمان دەردەکەوێت کە (3) قوتابخانە بە کۆی ڕووبەری (8765م$^2$) لە شارەکە بەدیدەکرێن، کە بەسەر (3) گەڕەکدا دابەشبوون، ئەوانیش گەڕەکەکانی (داڵانی و ئاشتی و فەرمانبەران)ن. ئەوەی تایبەتە بە ڕەگەزی قوتابخانەش ناوچەی توێژینەوە (1) قوتابخانەی کوڕان و (2) قوتابخانەی کچانە کە سەرجەمیان یەك دەوامن، ئەم قۆناغەی خوێندن (724) قوتابی و (71) مامۆستا و (30) هۆبە لەخۆدەگرێت، لە نێویشیاندا قوتابخانەی (قەڵای بنەڕەتی کوڕان) کە دەکەوێتە گەڕەکی (فەرمانبەران) ڕیزبەندی یەکەم وەردەگرێت بە کۆی (351) قوتابی و (32) مامۆستا و (12) هۆبە، کە یەك لەدوای یەك ڕێژەی (48% و 45% و 40%)ی کۆی ئەم قۆناغە پێکدەهێنێت، لە بەرامبەردا قوتابخانەی (گوڵعەنبەری بنەڕەتی کچان) لە گەڕەکی (داڵانی) لە ڕیزبەند کۆتا دێت، کە (143) قوتابی و (21) مامۆستا و (9) هۆبە، یەك بەدوای یەك ڕێژەی (20% و 30% و 30%)ی کۆی ئەم قۆناغە پێکدەهێنێت.

**خشتەی (4)**

**دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (7-9) لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| قوتابخانە | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م2 | % | ژ. قوتابی نێر | ژ.قوتابی مێ | کۆ | % | ژ. مامۆستا/ نێر | ژ. مامۆستا/ مێ | کۆ | % | ژ.هۆبە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گوڵعەنبەری کچان | داڵانی | 1513 | 17 | | 143 | 143 | 20 | 7 | 14 | 21 | 30 | 9 | 30 |
| هەوڵی کچان | ئاشتی | 4294 | 49 | | 230 | 230 | 32 | 6 | 12 | 18 | 25 | 9 | 30 |
| قەڵای کوڕان | فەرمانبەران | 2958 | 34 | 351 | | 351 | 48 | 28 | 4 | 32 | 45 | 12 | 40 |
| کۆی گشتی | 3 | 6765 | 100 | 351 | 373 | 724 | 100 | 41 | 30 | 71 | 100 | 30 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024-2025. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

**ج- قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (1-9):** لە خشتەی (5) بۆمان دەردەکەوێت کە ناوچەی توێژینەوە تەنها یەک قوتابخانەی تێدا بە ناوی قوتابخانەی (د.مصطفی زەڵمی ناحکومی) کە ڕووبەرەکەی (1447م$^2$)، ئەم قوتابخانەیە لە گەڕەکی (داڵانی) هەڵکەوتووە و (332) قوتابی تێیدا وانە دەخوێنن، لە ڕووی ستافی مامۆستایانەوە (30) مامۆستای هەیە و (15) هۆبە تێدایە. هەڵبژاردنی شوێنی ئەم قوتابخانەیە لە گەڕەکی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ بوونی زەوی بەتاڵ لەو گەڕەکە.

**خشتەی (5)**

**دابەشبوونی ژمارەیی قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (1-9) لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| قوتابخانە | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م2 | ژ. منداڵ | | ژ.مامۆستا | | ژ. هۆبە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| د. مصطفی زەڵمی ناحکومی | داڵانی | 1447 | 174 | 158 | 6 | 24 | 15 |
| | | | 332 | | 30 | | |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024-2025. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

**3- قۆناغی ئامادەیی (10-12):** پۆلەکانی ئەم قۆناغە بریتی یە لە (3) ساڵی خوێندن کە بە پۆلەکانی (10-11-12) دەناسرێن و بە قۆناغی ئامادەکاری ناودەبرێت، پەروەردە لەم قۆناغەدا چەند شێوازێکی جیاواز لەخۆدەگرێت، لەوانە پەروەردەی گشتی کە دابەش دەبێت بۆ لقی (زانستی و وێژەیی و پیشەیی)، خوێندکار لەم ئاستەدا ئامادە دەکرێت لە ڕووی فێرکردنەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕوو لە پەیمانگا و زانکۆکان بکات و درێژە بە خوێندن و فێربوون بدات (بن غضبان، 2013، ص176). بە سەیرکردنی داتاکانی خشتەی (6)، بۆمان دەردەکەوێت کە لە سنووری ناوچەی توێژینەوە تەنها یەک خوێندنگەی ئامادەیی هەیە بە ناوی (ئامادیی خورماڵی تێکەڵ) کە ڕووبەرەکەی (8828م$^2$)، ئەم خوێندنگەیە لە گەڕەکی فەرمانبەران هەڵکەوتووە و (801) خوێندکار تێیدا وانە دەخوێنن دوو دەوامە، لە ڕووی ستافی مامۆستایانەوە (91) مامۆستای هەیە و (29) پۆلی تێدایە. هەڵبژاردنی شوێنی ئەم خوێندنگەیە لە گەڕەکی فەرمانبەران دەگەڕێتەوە بۆ تازەیی گەڕەکەکە و بوونی زەوی بەتاڵ لەو گەڕەکە، ئەمە جگە لە نزیکی و بە ئاسانی دەستڕاگەیشتنی خوێندکارانی چەندین گوندی دەوروبەر کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە.

**خشتەی (6)**

**دابەشبوونی ژمارەیی قۆناغی ئامادەیی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| خوێندنگە | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م$^2$ | ژ. خوێندکار | | ژ.مامۆستا | | ژ. هۆبە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| ئامادەیی خورماڵی تێکەڵ | فەرمانبەران | 8828 | 360 | 441 | 51 | 40 | 29 |
| | | | 801 | | 91 | | |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024-2025. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

بەگشتی دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە زۆربەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناو سنوری گەڕەکی ( فەرمانبەران)دا کۆبوونەتەوە کە ژمارەیان (3) خزمەتگوزارییە لە کۆی گشتی دامەزراوە فێرکارییەکان لە شارەکەدا، هۆکاری ئەم زۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ بەردەستبوونی زەوی بەتاڵ لە گەڕەکی ناوبراو کە بووەتە هۆی کەڵەکەبوونی پرۆژەکانی بیناسازی فێرکاری، وە خراپ دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا و لاوازیی لە سیستەمی پلاندانانی ستراتیژی و نەبوونی میکانیزمی دابەشکردنی دروستی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان بەپێی چڕی دانیشتوان لە گەڕەکەکانی شارەکە، هاوکات نەبوونی هەماهەنگی نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکان لە پرۆسەی دامەزراندن و جێبەجێکردنی پرۆژە فێرکارییەکاندا، لە بەرامبەردا گەڕەکی (ئەردەڵان)، کە یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شارەکە و خاوەنی چڕییەکی بەرزی دانیشتوانە، تەنها یەک دامەزراوەی فێرکاریی تێدایە، ئەمەش نموونەیەکی بەرچاوە لە نایەکسانیی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە پێویستە لە پلانی گەشەپێدانی شار لە داهاتوودا چارەسەر بکرێت.

### دووەم/ دابەشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی:

خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بریتین لە کۆمەڵێك چالاکی کە ئەنجام دەدرێن بۆ پاریزگاریکردن لە تەندروستی مرۆڤ و سەلامەتیەکەی لە ڕێگەی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و چاودێریکردنیانەوە، بۆیە ئەم خزمەتگوزارییانە هەموو ئەو چالاکیانە لەخۆ دەگرن کە کاردەکەن بۆ چاودێریکردنی مرۆڤ و پاراستنی سەلامەتی (مصطفی، 2020، ل185). لە ناوچەی توێژینەوە (18) خزمەتگوزاری تەندروستی هەن کە بە نا هاوسەنگی بەسەر (3) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، بڕوانە نەخشەی (3).

**خشتەی (7)**

**خزمەتگوزاری تەندروستی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی 2024**

| جۆری خزمەتگوزاری تەندروستی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| مەڵبەندی تەندروستی | 1 | 5.5 |
| کۆمەڵگای پزیشکی | 2 | 11.1 |
| نۆرینگە | 10 | 55.6 |
| تاقیگە | 5 | 27.8 |
| کۆی گشتی | 18 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید، هۆبەی ئامار، بەشی داتاو زانیاری، مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە، داتای 2024. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

**نەخشەی (3)**

**دابەشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی 2024**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: خشتەی (7) لە ڕێگەی بە کارهێنانی بەرنامەی سیستمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) ڤێرژنی 10.8.**

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ناوچەی توێژینەوە بەجیا بە پێی جۆری خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان باسیان لێوە دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**1- مەڵبەندی تەندروستی:** دامەزراوەیەکی تەندروستین کە لە ژێر چاودێری پزیشکی و ستافی تەندروستیدا کار دەکەن، ئەم دامەزراوانە بە کەرەستە و پێداویستی پزیشکی جۆراوجۆر ڕێکخراون و ئامانجی سەرەکییان چاودێریکردن و پاراستنی تەندروستی خەڵکە، زۆربەی کات ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە چارەسەرکردنی دۆخە تەندروستییە سووکەکان، ئەمەش بەهۆی سنووورداری قەبارەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی تێیاندا ( أحمد و ئەوانی تر،2024. ل491-492). ناوچەی توێژینەوە بە تەنها (مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە) بە کۆی ڕووبەری (3224م$^2$) لەخۆدەگرێت، ئەم مەڵبەندە (5) پزیشك و (51) کارمەندی پیشەی تەندروستی و (40) کارمەندی پیشەی نا تەندروست لەخۆدەگرێت بڕوانە خشتەی (8)، هاوکات لەناو ئەم مەڵبەندەدا بنکەی فریاکەوتنی خێرای تێدایە، کە (24) کاتژمێر دەوام دەکەن و لە (1) دکتۆر و (2) کارمەندی پیشەی تەندروستی پێکهاتوون.

**خشتەی (8)**

**دابەشبوونی مەڵبەندی تەندروستی و ژمارەی پزیشك و کارمەندی پیشەی تەندروستی و نا تەندروستی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| مەڵبەندی تەندروستی | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م$^2$ | ژ. پزیشك | ژ.کارمەندی پیشەی تەندروستی | ژ.کارمەندی پیشەی ناتەندروستی |
|---|---|---|---|---|---|
| شەهید علی شعە | ئاشتی | 3224 | 5 | 15 | 332 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید، هۆبەی ئامار، بەشی داتاو زانیاری، مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە، داتای 2024. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

**2- کۆمەڵگای پزیشکی:** دامەزراوەیەکی تەندروستی تایبەتە کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێت و چەندین پزیشکی پسپۆڕ و جیاواز تێیدا کار دەکات، ئەم دامەزراوەیە خاوەنی بەشە جیاوازەکانی چارەسەر و پشکنینە و تاقیگە و دەرمانخانە و ئامێری پێشکەوتووی تێدایە، کۆمەڵگا پزیشکییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی چارەسەری

نەخۆشە سەرپێییەکان دەکەن و خزمەتگوزاری تەندروستی بەرامبەر بە بڕێک پارە پێشکەش دەکەن. بە تێڕوانین لە خشتەی (9) تێبینی ئەوە دەکەین کە لە شاری خورماڵدا دوو کۆمەڵگای پزیشکی هەن کە لە گەڕەکی (ئەردەڵان) جێگیر کراون، ئەم گەڕەکە نزیکەی(20%) لە رووبەری گشتی شارەکەی داگیرکردووە، یەکەمیان (تەلاری پزیشکی خورماڵ)ە کە (8) پزیشکی پسپۆڕی تێدایە و(62%) لە خزمەتگوزارییە پزیشکییەکانی ناوچەکە پێشکەش دەکات، دووەمیان (کۆمەڵگای پزیشکی بەخشندە)یە کە (5) پزیشکی پسپۆڕی تێدایە و (38%)ی خزمەتگوزارییەکان دابین دەکات، هەردوو کۆمەڵگا پزیشکییەکە لە ناوەندی شاردا هەڵکەوتوون و خاوەنی ئامێر و کەرەستەی پێشکەوتووی پزیشکین، هەروەها بەهۆی نرخی گونجاو و هەرزانی خزمەتگوزارییەکانیانەوە، ژمارەیەکی زۆر لە چارەخوازان سەردانیان دەکەن و سوود لە خزمەتگوزارییەکانیان وەردەگرن.

**خشتەی (9)**

**دابەشبوونی کۆمەڵگا پزیشکیەکانی شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| کۆمەڵگای پزیشکی | گەڕەك | پسپۆڕی | % پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| تەلاری پزیشکی خورماڵ | ئەردەڵان | (گشتی) و (هەناوی) و (ددان) (کۆ ئەندامی هەرس) و (جومگە و ڕۆماتیزم و فەقەرات) (پێست) و (قورگ و گوێ لوت) و (ئێسك و شکاوی) | 62 |
| کۆمەڵگای پزیشکی بەخشندە | | (ئافرەتان) و (گشتی) و (ددان) و (هەناوی) و (سۆنار) | 38 |
| کۆی گشتی | 1 | 13 | 100 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید، هۆبەی ئامار، بەشی داتاو زانیاری، مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە، داتای 2024. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

2- **نۆرینگە:** نۆرینگە پزیشکییەکان کۆڵەکەی سەرەکی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەشێکی گرنگ و تەواوکەری سیستەمی تەندروستین، ئەم نۆرینگانە خزمەتگوزارییە تەندروستییە تایبەتییەکان پێشکەش دەکەن و رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پرۆسەی چاودێری و چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندا، هەروەها وەك پردێك وان لە نێوان نەخۆشخانە گەورەکان و هاوڵاتیاندا، چونکە دەتوانن خزمەتگوزاری پزیشکی خێرا و کوالێتی بەرز پێشکەش بکەن بە شێوەیەکی ڕێکخراو و پرۆفیشناڵ ( رسول، 2021، ل286). بە تێڕوانین لە خشتەی (10) تێبینی ئەوە دەکەین کەوا (10) نۆرینگە لە ناوچەی توێژینەوە بەدی دەکرێن، و بەسەر (3) گەڕەکدا دابەشبوون، بە جۆرێك گەڕەکی (ئەردەڵان) بە پلەی یەکەم دێت کە (6) نۆرینگە و بەرێژەی (60%)ی کۆی نۆرینگەکان پێکدەهێنێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە) نزیکە لەم گەڕەکەوە و لەلایەکی تریشەوە نزیکی گەڕەکەکە لە سەنتەری شارەوە، هەروەها گەڕەکی (داڵانی و ئاشتی) بە پلەی دووەم دێن کە (4) نۆرینگەیان تێدایە بە ڕێژەی (40%)ی کۆی نۆرینگەکان. جێی ئاماژەیە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان دەکەونە نزیك ناوچەی بازرگانی و سەنتەری شارەکەوە جگە لە نۆرینگەکانی (کاروان و سیروان) یەك لە دوای یەك لە ناوەڕاستی گەڕەکی (ئەردەڵان و داڵانی) هەڵکەوتوون.

**خشتەی (10)**

**دابەشبوونی نۆرینگەکانی شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)***

| نۆرینگە* | | گەڕەك | % پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| (کاروان) و (ڕەنگین) و (لانە) و (کوردستان) و (هاوکاری) و (هەورامان) | | ئەردەلا | 60 |
| (ئاوا) و (سیروان) | | داڵانی | 20 |
| (بەختیار) و (سیۆن) | | ئاشتی | 20 |
| کۆی گشتی | 10 | 3 | 100 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید، هۆبەی ئامار، بەشی داتاو زانیاری، مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە، داتای 2024. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

*** سەرجەم نۆرینگەکان لەلایەن دەرچوانی بەشی دەرمانسازی پەیمانگا پزیشکییەکانەوە بەڕێوە دەبرێن و بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە.**

4- **تاقیگە:** لەڕووی زانستییەوە تاقیگەی پزیشکی بریتییە لەو شوێنە تایبەتەی کە تێیدا کۆمەڵێك پشکنینی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت بۆ دیاریکردنی باری تەندروستی مرۆڤ و دۆزینەوەی هۆکارەکانی نەخۆشی، تاقیگەکان لە چەندین بەشی تایبەتمەند پێکهاتوون وەك بەشی شیکردنەوەی خوێن، پشکنینی میز، هۆرمۆنەکان، و بەکتریۆلۆجی، هەر بەشێکیش ستافێکی تایبەتی شارەزای هەیە کە پێیان دەوترێت تەکنیکاری تاقیگە یان پسپۆڕی شیکاری پزیشکی، گرنگی تاقیگە پزیشکییەکان لە چەندین ڕووەوە دەردەکەوێت، لەوانە دەستنیشانکردنی نەخۆشی، چاودێریکردنی چارەسەر، خزمەتگوزاری پێشگیری، و بەشداریکردن لە توێژینەوە زانستییەکان بەم شێوەیە، تاقیگە پزیشکییەکان بەشێکی جیانەکراوەن لە سیستەمی چاودێری تەندروستی و ڕۆڵێکی بنەڕەتییان هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی تەندروستی تەواو و دروست. بە سەیرکردن لە خشتەی (11)دا بۆمان دەردەکەوێت کەوا ژمارەی تاقیگەکان لە ناوچەی توێژینەوە (5) تاقیگەیە و بەسەر (3) گەڕەکدا دابەشبوون، بە جۆرێك گەڕەکی (ئەردەڵان و داڵانی) هەریەکەیان (2) تاقیگە بە ڕێژەی (40%)ی کۆی تاقیگەکان پێکدەهێنن، دەکرێت بڵێین هۆکاری بوونی ئەم تاقیگانە لەو دوو گەڕەکە بۆ نزیکی گەڕەکەکان لە سەنتەری شار دەگەڕێتەوە، هەروەها گەڕەکی (ئاشتی) (1) تاقیگەی تێدایە و ڕێژەی (20%)ی کۆی تاقیگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت.

**خشتەی (11)**

**دابەشبوونی تاقیگەکانی شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| تاقیگە | | گەڕەك | % پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| (وڵات) و (هەورامان) | | ئەردەڵان | 40 |
| دیکان | | ئاشتی | 20 |
| (ڕاستی) و (دروست) | | داڵانی | 40 |
| کۆی گشتی | 5 | 3 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید، هۆبەی ئامار، بەشی داتاو زانیاری، مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە، داتای 2024. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

## سێیەم/ دابەشبوونی خزمەتگوزاری ئاینی:

خزمەتگوزارییە ئاینییەکان کۆمەڵێک خزمەتگوزاری گرنگن کە لەلایەن دامەزراوە ئاینییەکانەوە پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکرێن، ئەم خزمەتگوزارییانە بەپێی جیاوازی ئاین و بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکان دەگۆڕدرێن و دەگونجێنرێن، نموونەی سەرەکی ئەم خزمەتگوزارییانە بریتین لە مزگەوتەکان، تەکیەکان، گۆڕستانەکان و مەزار و خوێندنگە ئاینییەکان و کەنیسەکان، بە جۆرێك لە شارە ئیسلامییەکاندا، مزگەوت پێگەیەکی تایبەت و گرنگی هەیە و وەک سەرەکیترین دامەزراوەی ئاینی دەناسرێت، ئەم گرنگییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە موسڵمانان رۆژانە پێنج جار پێویستیان پێی هەیە بۆ بەجێهێنانی نوێژەکانیان جگە لەمە، ئەم دامەزراوانە چەندین چالاکی کۆمەڵایەتی گرنگیش ئەنجام دەدەن، وەک بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی بەخاکسپاردن، دابینکردنی شوێن بۆ پرسە، بەڕێوەبردنی بۆنە ئاینییەکان و پێشکەشکردنی کۆڕ و وانەی فێرکاری، هەموو ئەم خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی یەکسان پێشکەش بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەکرێن و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەها ئاینییەکانی کۆمەڵگا ( عزیز، 2013، ل6). خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا (3) جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرن، یەکەمیان مزگەوتی هەینییە کە ژمارەیان (5) مزگەوتە و وەك ناوەندی گەورەی عیبادەت و خوێندنی نوێژی هەینی خزمەت بە ناوچەکە دەکەن، دووەمیان مزگەوتە گشتییەکانن کە ژمارەیان (10) مزگەوتە و ڕۆژانە خزمەتگوزاری ئاینی پێشکەش دەکەن، سێیەمیشیان (1) گۆڕستانە کە بۆ بەخاکسپاردن و مەراسیمی تایبەت بەکاردەهێنرێت، بڕوانە خشتەی (12)، ئەم دابەشبوونەی خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا دەتوانێت وێنەیەکی ڕوون لەسەر چۆنیەتی دابینکردنی پێداویستییە ئاینییەکانی دانیشتوان پیشان بدات.

**خشتەی (12)**

**خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی 2024**

| جۆری خزمەتگوزاری ئاینی | | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| مزگەوتی هەینی (الجامع) | | 5 | 31.25 |
| مزگەوت (المسجد) | | 10 | 62.5 |
| گۆڕستان | | 1 | 6.25 |
| کۆی گشتی | 3 | 16 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی هەڵەبجەی شەهید، بەشی داتاو زانیاری مزگەوتەکان، داتای 2024. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

**نەخشەی (4)**

**دابەشبوونی خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی 2024**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: خشتەی (12) لە ڕێگەی بە کارهێنانی بەرنامەی سیستمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) ڤێرژنی 10.8.**

### 1- مزگەوتی هەینی (الجامع):

مزگەوتی هەینی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا پێگەیەکی بەرز و تایبەتی هەیە، ئەم دامەزراوە ئاینییە گرنگە ڕۆڵێکی فرە ڕەهەند دەگێڕێت لە ژیانی موسڵماناندا، سەرەڕای ئەوەی کە شوێنی ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکانی ڕۆژانەیە، هاوکات نوێژی هەینی و نوێژی جەژنەکانیش بە شێوەی بەکۆمەڵ تێیدا بەڕێوە دەچن، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکی و گرنگەکانی مزگەوتی هەینی، بوونی مینبەرە، کە وەک بەشێکی سەرەکی مزگەوت، تەنها شوێنێک نییە بۆ وتاری ئاینی، بەڵکو ڕۆڵێکی فراوانتر دەگێڕێت، لە ڕێگەی مینبەرەوە مزگەوتی هەینی دەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی چەندین بواری جیاواز، لەوانە کاروباری سیاسی، بابەتە ئاینییەکان، پرسە پەروەردەییەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان ( الجدبە، 2016، ص34). بە سەرنجدان لە خشتەی (13) تێبینی ئەوە دەکەین کەوا (5) مزگەوتی هەینی بە ڕووبەری (12400م²) لە ناوچەی توێژینەوە هەن، کە بەسەر (4) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، لە نێویاندا گەڕەکی (ئەردەڵان) پلەی یەکەمی وەرگرتووە بە بوونی (2) مزگەوتی هەینی کە ڕێژەی (40%)ی کۆی مزگەوتەکانی هەینی شارەکە پێکدەهێنێت، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەڕەکی ئەردەڵان گەڕەکێکی کۆنە و ڕووبەرێکی فراوانی هەیە، لە لایەکی ترەوە شوێنی مزگەوتی هەینیەکان بە جۆرێکە کە نزیکە لە گەڕەکەکانی (ئاشتی و دالانی) تاکو نوێژخوێنانی ئەو گەڕەکانەش بتوانن سوود لەم مزگەوتانە وەربگرن، هەرچی تایبەتە بە گەڕەکەکانی تر کە ژمارەیان (3) گەڕەکە و بۆ هەر یەکێکیان (1) مزگەوتی هەینیان تێدا بەدی دەکرێت بە قەبارە و ڕێژەی جیاواز لە رووی ڕوبەرەوە، لە بەرامبەردا گەڕەکی (ئاشتی) هیچ دامەزراوەیەکی لەم جۆرەی تێدا نی یە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم گەڕەکە نزیکە لە هەریەکە لە گەڕەکەکانی ( قەڵا و ئەردەڵان) کە مزگەوتی هەینیان تێدایە، ئەم دابەشبوونەی مزگەوتی هەینی لە شارەکەدا نیشانده‌ری هەوڵدان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ئاینیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرەکانی دووری و نزیکی گەڕەکەکان لە یەکتر.

**خشتەی (13)**

**دابەشبوونی مزگەوتی هەینی شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| مزگەوتی هەینی | گەڕەك | % | ڕووبەری گشتی | % |
|---|---|---|---|---|
| مزگەوتی گەورەی خورماڵ | قەڵا | 20 | 2500 | 20 |
| (سعدی کوڕی ئەبی وقاص) و (امام بخاری) | ئەردەڵان | 40 | 7000 | 56 |
| امام مسلم | دالانی | 20 | 1500 | 13 |
| محمد رسول الله | فەرمانبەران | 20 | 1400 | 11 |
| کۆی گشتی 5 | 4 | 100 | 12400 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی هەڵەبجەی شەهید، بەشی داتاو زانیاری مزگەوتەکان، داتای 2024. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

**2- مزگەوت (المسجد):** مزگەوت شوێنێکی پیرۆزە و وەک دامەزراوەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا، سەرەتاییترین کاری مزگەوت بریتییە لە پەرستش و پاڕانەوە، هەروەها وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە جێبەجێ کردنی ئەرکە ئایینیەکاندا، لە ڕووی پێکهاتە و تایبەتمەندییەوە ئەم مزگەوتانە بۆ ئەنجامدانی پێنج نوێژی ڕۆژانە بەکاردێن، بەڵام نوێژی هەینی و جەژنەکانی تێدا ئەنجام نادرێت. هەموو مزگەوتەکان خاوەنی حەوشە و سەرچاوەی ئاون، تایبەتمەندییەکی تری ئەم جۆرە مزگەوتانە ئەوەیە کە گومبەز و منارەیان نییە ( العقیلی، 2003، ص14). بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (14)، لە ناوچەی توێژینەوەدا (10) مزگەوت بوونیان هەیە کە کۆی ڕووبەریان دەگاتە (9893م²)، ئەم مزگەوتانە بەسەر (4)گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون کە بریتین لە گەڕەکەکانی (ئەردەڵان، دالانی، ئاشتی و قەڵا)، لە نێو ئەم گەڕەکانەدا، گەڕەکی (ئاشتی) بە ڕێژەی (40%) لە ڕووی ژمارەی مزگەوتەکان و (30%) لە ڕووی ڕووبەرەوە پلەی یەکەمی لە نێو گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە گرتووە، هۆکاری سەرەکی بۆ بوونی زەوی بەتاڵی گونجاو دەگەڕێتەوە لە کاتی دروستکردنی مزگەوتەکان لەلایەك و ڕۆڵی خێرخوازان لە کڕینی زەوی نیشتەجێبوون و گۆڕینی بۆ مزگەوت لەلایەکی ترەوە، هەروەها گەڕەکی (ئەردەڵان) لە دوایین پلەدا دێت لە ڕووی ڕووبەری مزگەوتەکانەوە، بە ڕووبەری تەنها (1989م²)، کە دەکاتە(20%)ی کۆی ڕووبەری مزگەوتەکان، ئەم دابەشبوونە جیاوازە پیشاندەری کاریگەری فاکتەرەکانی بەردەستبوونی زەوی و چالاکی خێرخوازانە لە دابەشبوونی جوگرافی مزگەوتەکان لەشارەکە.

**خشتەی (14)**

**دابەشبوونی مزگەوت لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| مزگەوت | گەڕەك | % | ڕووبەری گشتی | % |
|---|---|---|---|---|
| نەورەسی و ابن کثیر | ئەردەڵان | 20 | 1989 | 20 |
| عوسمانی کوڕی عفان و عبدالرحمن کوڕی عەوف | دالانی | 20 | 1824 | 29 |
| شیخ عمری بیارە و نوور و ملا عبدالله و گوڵعەنبەر | ئاشتی | 40 | 3000 | 30 |
| گەیلانی و بەرقەڵا | قەڵا | 20 | 2080 | 21 |
| کۆی گشتی 5 | 4 | 100 | 9893 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی هەڵەبجەی شەهید، بەشی داتاو زانیاری مزگەوتەکان، داتای 2024. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

**3- گۆڕستانەکان:** گۆڕستان بەشێکی گرنگ و جیانەکراوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی کۆمەڵگەکانە، لە زمانی کوردیدا وشەی "گۆڕستان" لە بنەڕەتدا لە وشەی "گۆڕ"ەوە سەرچاوەی گرتووە و هاوواتای وشەی قەبرستانە (عزیز، 2013، ل10). کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کوردستان بەکاردێت، وەک خزمەتگوزارییەکی ئاینی و کۆمەڵایەتیش ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی شارنشینیدا هەیە، ئەم شوێنە پیرۆزە خزمەتگوزارییەکی گشتییە و بێ جیاوازی پێشکەش بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکرێت. هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ گۆڕستان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و پلانی ورد هەیە، لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە لە کاتی دیاریکردنی شوێنی گۆڕستاندا ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە گۆڕستانەکان لە کەناری شارەکاندا دروست بکرێن، بەمەش لە ناوچە نیشتەجێبووەکان تا ڕادەیەك دوور دەبن، هاوکات گرنگە کە ئەم شوێنانە نزیک بن لە ڕێگاکانی گواستنەوە و هاتوچۆ، دەبێت شوێنی گۆڕستانەکان دوور بن لە ناوچە بەردینەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانرێت گۆڕەکان هەڵبکەنرێن و کاری ناشتن بەبێ کێشە ئەنجام بدرێت ( صفر، 2015، ص242).

بە سەیرکردنی خشتەی (15) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ناوچەی توێژینەوە تەنها (1) گۆڕستانی تێدایە، دەکەوێتە گەڕەکی (فەرمانبەران) بە ڕووبەری (11200م²).

**خشتەی (15)**

**دابەشبوونی گۆڕستانی شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| ناوی گۆڕستان | گەڕەك | ڕووبەری گشتی |
|---|---|---|
| خورماڵ | فەرمانبەران | 11200 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: کاری مەیدانی توێژەر.**

## چوارەم/ دابەشبوونی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی:

ئاشکرایە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان جۆرا و جۆرن و بوون و نەبوونیان لە هەر شوێن و ناوچەیەکدا بە ستراوەتە بە ڕادەی گرنگیدان بەو ناوچەیە، دوای پێشکەوتنی کۆمەڵگەش لە ڕووی ئابوری و شارستانی و ڕۆشنبیرییەوە ڕۆڵی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان وەك شێوازێك بۆ بەگەڕخستنی چالاکی مرۆڤ لە کارکردندا بەدەر کەوتن ( ڕەشید، 2023، ل48). خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیش بریتییە لەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی کۆمەڵگەی شار و هەرێمەکان دەکرێت، بە مەبەستی چێژ وەرگرتن و ئارامی دەروونی و جەستەیی و عەقڵی و بەدەستهێنانی زانیاری نوێ بۆ گشت ئاست و تەمەنێك لە کاتی دەست بەتاڵیدا ( عباس، 2021، ل624). سەبارەت بە دابەشبوونی خزمەتگوزاری لە ناوچەی توێژینەوە وەك لە خشتەی (16)دا دەردەکەوێت، خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان ژمارەیان (29) خزمەتگوزارییە بە کۆی ڕووبەری زیاتر لە (136157م²) کە بەسەر (4) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، کە زۆربەیان کەوتونەتە سەر ڕێگا سەرەکیەکان و سەنتەری شارەکە بڕوانە نەخشەی (5).

**خشتەی (16)**

**دابەشبوونی ژمارە و ڕوبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| خزمەتگوزارییەکان | | ژمارە | گەڕەك | % | رووبەر م$^2$ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پارك و باخچە گشتییەکان* | | 9 | ئاشتی | 31 | 116504 | 86 |
| یاریگای وەرزشی گەورە | | 1 | فەرمانبەران | 3 | 6300 | 5 |
| یاریگای وەرزشی بچووك | | 2 | فەرمانبەران | 7 | 3328 | 2 |
| چێشتخانە | | 3 | قەڵا،دالآنی | 11 | 164 | 0.1 |
| مەلەوانگە | | 1 | قەڵا | 3 | 750 | 0.5 |
| شاری یاری | | 1 | ئاشتی | 3 | ناو پارکی گشتی خورماڵ | |
| قاوەخانە و گازینۆ | | 4 | دالآنی،قەڵا، ئاشتی | 14 | 801 | 0.6 |
| هۆڵی وەرزشی لەشجوانی | | 2 | قەڵا،ئاشتی | 7 | 737 | 0.6 |
| هۆڵی یاری وەرزشی و ئەلیکترۆنی | | 5 | دالآنی | 18 | 341 | 0.2 |
| کتێبخانە | | 1 | فەرمانبەران | 3 | 7227 | 5 |
| کۆی گشتی | 3 | 29 | 4گەڕەك | 100 | 136157 | 100 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە کاری مەیدانی. * ڕووبەری باخچە گشتییەکان بچوکترە و ڕێژەی سەوزاییان کەمترە لە پارك لە ناوچەی توێژینەوە.**

**نەخشەی (5)**

**دابەشبوونی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی 2024**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: خشتەی (16)، لە ڕێگەی بە کارهێنانی بەرنامەی سیستمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) ڤێرژنی 10.8.**

**1- پارك و باخچە گشتییەکان:** یەکێکن لە گرنگترین خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شارەکاندا، ئەم شوێنانە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، تاکەکان دەتوانن لەم شوێنانە یەکتر ببینن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەهێز بکەن، بەتایبەتی دوای کاتژمێرەکانی کار یان لە ڕۆژانی پشوودا، ئەم شوێنانە دەبنە پەناگەیەک بۆ پشوودان و خۆشگوزەرانی، لە ڕووی ژینگەییەوە، و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پاراستنی ژینگەی شار، ئەم ناوچانە سیمایەکی جوان و سەرنجڕاکێش دەبەخشن بە شار، دەبنە هۆی ڕاکێشانی گەشتیاران و سەردانیکەران، کە ئەمەش کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر ئابووری شار (سعید، محمد، 2022، ل39).

شاری خورماڵ (1) پارك و (8) باخچەی گشتی و تێدایە بە کۆی ڕووبەری (116504م$^2$)، کە ڕێژەی لە (86%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنن، (پارکی گشتی شەهیدی سەرکردە دکتۆر ڕەزا خورماڵی)کە دەکەوێتە گەڕەکی (ئاشتی)، لە ڕووی ڕووبەرەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە بە ڕووبەری (109265م$^2$)، کە ڕێژەی زیاتر لە (93%)ی کۆی ڕووبەری پارکەکانی شارەکە پێکدەهێنێت، هۆکاری بوونی ئەم پارکە لەم شوێنە بۆ ئەو زەوییە فراوانە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن شارەوانی خورماڵەوە تەرخانکراوە بۆ خزمەتگوزارییەکان لەنێویشیاندا پارك، هەرچی باخچە گشتییەکانە (7) باخچەیان دەکەونە گەڕەکی (ئاشتی)، هەمان ئەو گەڕەکەی کە پارکی گشتی خورماڵی تێدایە، ڕووبەرەکەیان (5947م$^2$)، کە ڕێژەی زیاتر لە (5%)ی کۆی ڕووبەری پارکەکانن، دەکەونە لێواری ڕێگای سەرەکی و دەروازەی شارەکە، کە سیمایەکی جوانیان پێبەخشیوە و بوونەتە شوێنێکی گشتی کە خەڵکی شارەکە بۆ بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان ڕوویان تێدەکەن، تەنها (1) پارك دەکەوێتە گەڕەکی (قەڵا) بە ناوی ( پارکی شەهیدانی جینۆسایدکراوی 5/13/ 1987)، بە ڕووبەری (1292م$^2$)، بە ڕێژەی نزیکەی لە (2%)ی کۆی ڕووبەری پارکەکان، و دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی هاوینە هەواری زەڵم لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە.

**2- یاریگای وەرزشی گەورە:** خزمەتگوزارییەکی گرنگن کە پێشکەش بە گەنجان دەکرێن بۆ پراکتیزەکردنی چالاکییە وەرزشییەکانیان، ئەم یاریگایانە گرنگییەکی زۆریان هەیە لە پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و دابینکردنی شوێنێکی گونجاو بۆ چالاکی وەرزشی و دروستکردنی کەشێکی تەندروست بۆ پەروەردەی جەستەیی و هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە وەرزشییەکان (محمد، 2016، ص14). ناوچەی توێژینەوە تەنها (1) یاریگای تێدایە کە (11) یاریزانییە بەناوی (یاریگای وەرزشی خورماڵ) کە بە کۆی ڕووبەری (6300م$^2$)، و بە ڕێژەی نزیکەی لە (5%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنێت و دەکەوێتە گەڕەکی (فەرمانبەران).

**3- یاریگای وەرزشی بچووك:** یەکێکە لە گرنگترین خزمەتگوزارییە وەرزشییەکان کە ڕووپۆشەکەی لە ماددەیەکی دەستکردی تایبەت (تارتان) دروستکراوە، ئەم ماددەیە چەندین تایبەتمەندی گرنگی هەیە وەک نەرمی و پارێزراوی بۆ یاریزانان و خۆڕاگری لە بەرامبەر کاریگەری کەش و هەوا، هەروەها یارمەتیدەرە لە کەمکردنەوەی مەترسی برینداربوون و گونجاوە بۆ زۆربەی جۆرەکانی وەرزش، لە ناوچەی توێژینەوە یاریگای وەرزشی بچووك ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەرەپێدانی وەرزش، و دەرفەتی باش دەڕەخسێنێت بۆ گەنجان و وەرزشکاران و یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی بەهرە وەرزشییەکانیان، لە ڕووی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییەوە، یاریگای وەرزشی بچووك شوێنێکی گونجاوە بۆ کۆبوونەوەی گەنجان و ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی، دەرفەتی ڕاهێنان و پێشبڕکێی وەرزشی دەڕەخسێنێت و یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی تەندروستی کۆمەڵگە بەگشتی. لە شاری خورماڵ (2) یاریگای لەم جۆرە لە گەڕەکی (فەرمانبەران)، بە کۆی ڕووبەری (3328م$^2$) لە خۆدەگرێت کە (7) یاریزانین، و ئەوانیش ڕێژەی لە (2%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییەکان پێکدەهێنن.

**4- چێشتخانە:** بەشێکی گرنگن لە خزمەتگوزارییەکان لە هەر شارێکدا، لە سەردەمی ئێستادا، بەهۆی کێبڕکێی توندی نێوان چێشتخانەکان، بوونەتە پیشەیەک کە پێویستی بە پلان و ستراتیژی تایبەت هەیە بۆ سەرکەوتن و بەردەوامبوون، لە ڕووی دیزاین و شوێنەوە چێشتخانەکان گرنگی زۆر دەدەن بە هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو و دیزاینی

ناوەوە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، دروستکردنی کەشێکی ئارام و خۆش بۆ کڕیاران و گرنگیدان بە پاکوخاوێنی و ڕێکخستنی شوێنەکە لە ئەولەویەتەکانی سەرکەوتنی چێشتخانەکانن، کوالیتی خزمەتگوزاری فاکتەرێکی گرنگە لە سەرکەوتنی چێشتخانەکان، پێشکەشکردنی خواردنی باش و بەتام، خزمەتکردنی خێرا و پرۆفیشناڵ، مامەڵەی باش لەگەڵ کڕیاران و پابەندبوون بە ستانداردەکانی خۆراک و تەندروستی، هەموویان پێکەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر سەرکەوتنی چێشتخانەکان (الظالمي، 2018، ص21). لە ڕووی کاریگەری ئابوورییەوە، چێشتخانەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دابینکردنی هەلی کار، بووژاندنەوەی بازاڕی خۆراک، پشتگیریکردنی کەرتی گەشتیاری و بەشداریکردن لە گەشەی ئابووری ناوچەکە، دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی چێشتخانەکان لە سەردەمی ئێستادا پێویستی هەیە بە گۆڕانکارییەکانی بازاڕ، داهێنان لە خزمەتگوزاری، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و پاراستنی ستانداردی کوالیتی.

بەسەرنجدان لە داتاکانی خشتەی (17) بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا (3) چێشتخانە بە ڕووبەری (164م$^2$)لە ناوچەی توێژینەوە هەیە، کە ڕێژەی لە (0.1%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنن، بەجۆرێك (2) چێشتخانە لە گەڕەکی (قەڵان)، بە ناوەکانی (چێشتخانەی خورماڵ، چێشتخانەی ئاوێسەر)، تەنها (1) چێشتخانەش لە گەڕەکی (دالانی)یە بەناوی (چێشتخانەی هانا)، هۆکاری دامەزراندن و بوونی ئەم چێشتخانانە لەم شوێنانەدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێگەی جوگرافی و شوێنەکەیانەوە هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم چێشتخانانە کەوتوونەتە سەنتەر و ناوەندی شارەکەوە، یاخود لە ناوچەی بازرگانی و لەسەر شەقامە سەرەکییەکاندا هەڵکەوتوون، ئەم شوێنە ستراتیژییانە دەبنە هۆی سەرکەوتنی کاری ئەم چێشتخانانە و باشتر گەیشتنی خزمەتگوزارییەکانیان بە خەڵک.

**5- مەلەوانگە:** یەکێکە لەو شوێنە وەرزشیانەی کە زۆرترین داواکاری لەسەرە لە لایەن هەردوو ڕەگەزەوە لە تەمەنە جیاوازەکان، بە مەبەستی جیاواز وەک بەسەر بردنی کاتی بەتاڵی یاخود بۆ مەبەستی تەندروستی وەکو بەشێک لە چارەسەری سروشتی بۆ هەندێ لە نەخۆشییەکان یاخود سەردانکردنی هاوڵاتیان بۆ مەلەوانگەکان بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولەکانی فێربوونی مەلەوانی ( محمد، 2022، ل57). لە شاری خورماڵ تەنها (1) مەلەوانگە هەیە بە ڕووبەری (750م$^2$)، ئەم مەلەوانگەیە ناوی (مەلەوانگەی هەورامان)ە، و دەکەوێتە گەڕەکی (قەڵا) کە ڕێژەی ڕووبەری لە (0.5%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییەکان پێکدێنێت، هۆکاری کەمی مەلەوانگە لە شاری خورماڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەندین سەرچاوەی ئاوی لە ناوچەکە بوونیان هەیە وەك ( سەرچاوەی ئاوی گەنجان، ئاوی گەڕاو، ئاوی گۆم پسکیت و جۆگەی شێخ و تەوێڵەجۆ، هتد...)، بۆ ئەم مەبەستە خوازیاران و مەلەوانزانان سەردانیان دەکەن بۆ مەلەوانی بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا.

6- **شاری یاری:** شوێنێکە کە کۆمەڵێک یاری جۆراوجۆری تێدایە و خزمەتگوزاری ڕابواردن پێشکەش بە منداڵان و گەنجان دەکات، ئەم شوێنانە بە دوو شێوەی سەرەکی دەردەکەون یان شاری یاری کراوەن کە لە پارک و شوێنە گشتییەکاندا دەبینرێن، یان شاری یاری داخراون کە لە ناو مۆڵەکان یان شوێنی تایبەتدا دروستکراون، هەردوو جۆری شاری یاری گرنگی خۆیان هەیە لە پێشکەشکردنی کات بەسەربردنێکی خۆش و سەلامەت بۆ منداڵان و گەنجان، هەروەها یارمەتیدەرن بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و جەستەیی منداڵان و دەرفەتی پێکەوە یاریکردن و فێربوونیان بۆ دەڕەخسێنن ( العاني، 2011، ص137). (شاری یاری خورماڵ) کە دەکەوێتە ناو پارکی گشتی خورماڵ، چەندین یاری جۆراوجۆری وەك (قیتار، ئۆتۆمبێلی کارەبای، جامپ، زنجیری فڕیوە، چوپی هەوا، تۆپی منداڵان، کەشتی نوح، .... هتد) تێدایە، و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەردانیکردنی دانیشتوان بەگشتی و منداڵان بە تایبەتی.

**7- قاوەخانە و گازینۆ:** بەشێکی گرنگن لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان کە خواردنەوەی وەک چا، قاوە، کاپۆچینۆ و خواردنەوەکانی تر جگە لە خواردنەوە کحولییەکان پێشکەش بە سەردانیکەران دەکەن، هەندێک لەم شوێنانە یارییە میللییەکانی وەک دۆمینە، شەترەنج، دامە و تاوڵەی تێدا ئەنجام دەدرێت، گازینۆکان بەشێکی گرنگی خۆشگوزەرانین بەتایبەتی بۆ گەنجان، کە دوای کارکردن بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانیان سەردانی دەکەن ( سعید، 2022، ل18). لە شاری خورماڵ قاوەخانە و گازینۆکان دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی و ناو بازاڕی گشتی شارەکە، ئەم شوێنانە بوونەتە هۆکارێک بۆ کۆبوونەوەی دانیشتوان و سەردانیکەران لە هەموو تەمەن و توێژەکان، ژمارەی قاوەخانە و گازینۆکان لە شارەکەدا (4) دانەیە، بە ناوەکانی (کۆشکی شارەکەم، قاوەخانەی کازیوە، کافتریای هایما، کافتریای دانکیخ)، بە کۆی ڕووبەری (806م$^2$)، کە ڕێژەی لە (0.6%)ی کۆی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شارەکە پێکدەهێنن.

**8- هۆڵی وەرزشی لەشجوانی:** چالاکی وەرزشی بە هەموو جۆرەکانیەوە یەکێکن لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی، گرنگترین شوێنێ کە دانیشتوان بە تایبەت گەنجان ڕوویان تێدەکەن بە مەبەستی هەستکردن بە جوڵە و ئارامی دەرونیان ( محمد و محمود، 2016، ل282). هۆڵی لەشجوانییش شوێنێکە تایبەتمەند بە ڕاهێنانی لەش و پەرەپێدانی توانای جەستەیی، لەم شوێنەدا چەندین ئامێری تایبەت هەن بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکان و باشترکردنی فۆرمی لەش. ناوچەی توێژینەوە (2) هۆڵی لەشجوانی تێدایە بە کۆی ڕووبەری (737م$^2$) ئەوانیش ڕێژەی لە (0.6%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنن، بە جۆرێك هۆڵی لەشجوانی (شەهرام) کەوتۆتە گەڕەکی (قەڵا)، و هۆڵی لەشجوانی (خورماڵ) کەوتۆتە گەڕەکی (ئاشتی)، کە هەردوو هۆڵەکەش تارادەیەك نزیکن لە سەنتەری شارەکە.

**9- هۆڵی یاری وەرزشی و یاری ئەلیکترۆنی:** ئەو شوێنە تایبەتانەن کە بۆ ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی و یارییە ئەلیکترۆنییەکان دروستکراون، لەم هۆڵانەدا گەنجان و لاوان و کەسانی تەمەن جیاواز کۆدەبنەوە تاکو لە کەشێکی گونجاودا خولیا وەرزشی و یارییەکانیان جێبەجێ بکەن. بە سەیرکردنی خشتەی (22) بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا (5) هۆڵی وەرزشی و ئەلیکترۆنی بە کۆی ڕووبەری (341م$^2$) لە ناوچەی توێژینەوە هەیە، کە ڕێژەی لە (0.2%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنن، بەجۆرێك کە سەرجەم هۆڵەکان دەکەونە گەڕەکی (دالانی)، و بریتین لە هۆڵەکانی ( خورماڵ سەنتەر، سبحان سەنتەر، بلیاردی لاوان، بلیاردی فرانکفۆرت، بلیاردی باوەڕ)، و لە ناوچەی بازرگانی و لەناو سەنتەری شارەکەدان، جێگای ئاماژەیە ئەم خزمەتگوزارییانە خۆیان لە (یارییە ئەلیکترۆنییەکان و یاری بلیارد) دەبیننەوە، کە گەنجانی شارەکە بۆ بەسەربردنی کاتە بە تاڵەکانیان ڕوویان تێدەکەن.

**10- کتێبخانە:** مە بەست لێی ئەو ناوەندانەن کە چەندین جۆر کتێبی جۆراوجۆر لە خۆدەگرن، بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەندە شارستانییەکان بوونیان هەیە، کە لە لایەن دانیشتوان بە تایبەت خوێندکاران و ڕۆشنبیران سەردانی دەکرێن، بە مەبەستی خوێندنەوە و پەرەپێدان بە لایەنی زانستی و زانیارییان، جێگای ئاماژەیە بەشێك لەم کتێبخانانە کتێبی مێژووی زۆر کۆن لەخۆ دەگرن کە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان و لەم شوێنە پارێزراون کە بەشێکیان بە شێوەی دەستنووسن، زۆرجار خەڵك سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن بۆ بینینیان و ئارامی بە دەروونیان دەدات

( گۆران، 2022، ل21). ناوچەی توێژینەوە تەنها (1) کتێبخانە بە ڕووبەری (7227م$^2$) لەخۆ دەگرێت، ئەویش ڕێژەی زیاتر لە (5%)ی کۆی ڕووبەری خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنێت، و بەناوی (کتێبخانەی گشتی خورماڵ)، و دەکەوێتە گەڕەکی (فەرمانبەران)، بەڵام چەندین فەرمانگەی تری شارەکە بەهۆی نەبوونی بینای تایبەت بە خۆیان لەناو ئەم کتێبخانەیەدا دەوام دەکەن، لەوانە ( فەرمانگەی دادنووسی خورماڵ، فەرمانگەی دارایی خورماڵ، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق/ خورماڵ، بەشی ڕۆشنبیری و منداڵانی خورماڵ)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی یەکێك لە هۆڵەکانی کتێبخانەکە یانەی وەرزشی خورماڵ بۆ ڕاهێنانی یاریزانانی کاراتی یانەکەی بەکاری دەهێنێت، بەهۆی نەبوونی هۆڵی تایبەت بە یانەکە.

**خشتەی (17)**

**ڕووبەری خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە شاری خورماڵ بە بەراورد بە کۆی ڕووبەری شارەکە بۆ ساڵی (2024)**

| خزمەتگوزارییەکان | ڕووبەر م$^2$ | % | ڕووبەری گشتی | % |
|---|---|---|---|---|
| فێرکاری | 33842 | 20 | 1989 | 1.02 |
| تەندروستی | 4684 | 20 | 1824 | 0.14 |
| ئاینی | 33493 | 40 | 3000 | 1.01 |
| خۆشگوزەرانی | 136157 | 20 | 2080 | 4.12 |
| کۆی گشتی | 208176 | 100 | 9893 | 6.29 |
| کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە | 3300000م$^2$ | | | |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە کاری مەیدانی.**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەگەین بەو ڕاستییەی، کە شاری خورماڵ لەڕووی پێکهاتەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانەوە کۆی ڕووبەری (208176م$^2$) لەخۆ دەگرێت، کە دەکاتە ڕێژەی (6.29%)ی کۆی ڕووبەری سنووری شارەوانییەکەی، بڕوانە خشتەی (17)، گەورەترین پشک لە خزمەتگوزارییەکان بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دەگەڕێتەوە، کە ڕووبەری (136157م$^2$) داگیرکردووە، کە دەکاتە ڕێژەی (4.12%)ی کۆی ڕووبەری شارەکە، لە پلەی دووەمدا خزمەتگوزاری فێرکاری دێت کە ڕووبەری (33842م$^2$) داگیر کردووە و دەکاتە ڕێژەی (1.02%)ی کۆی ڕووبەری شارەکە، لە دوای ئەویشەوە خزمەتگوزاری ئاینی دێت بە ڕووبەری (33493م$^2$)کە دەکاتە ڕێژەی (1.01)ی کۆی ڕووبەری شارەکە، لە کۆتاییشدا خزمەتگوزاری تەندروستی کەمترین ڕووبەری بەرکەوتووە کە بریتییە لە (4684م$^2$)و دەکاتە ڕێژەی (0.14%)ی کۆی ڕووبەری شارەکە.

## دەرئەنجام

1-خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان بە شێوە و ڕێژەی جیاواز بەسەر گەڕەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دابەش بوون.

2-خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان ژمارەیان (10) خزمەتگوزارییە و بە شێوەیەکی بڵاو بەسەر هەموو گەڕەکەکانی شارەکەدا دابەشبوون، بە جۆرێك هەردوو گەڕەکی (داڵانی، فەرمانبەران) زۆرترین خزمەتگوزاری و گەڕەکی ( ئەردەڵان، ئاشتی و قەڵا) کەمترین خزمەتگوزاریان بەرکەوتووە تا کۆتایی ساڵی (2024).

3-خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ساڵی (2024) لە ناوچەی توێژینەوە پێکدێن لە (1) مەڵبەندی تەندروستی و (2) کۆمەڵگای پزیشکی و (10) نۆرینگە و (5) تاقیگە.

4-خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا (3) جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرن، یەکەمیان مزگەوتی هەینییە کە ژمارەیان (5)مزگەوتە، دووەمیان مزگەوتە گشتییەکانن کە ژمارەیان (10)مزگەوتە، و سێیەمیشیان (1)گۆڕستانە.

5-خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان ژمارەیان ( 29) خزمەتگوزارییە و زۆربەیان کەوتوونەتە سەنتەری شار و سەر ڕێگا سەرەکییەکان.

6-شاری خورماڵ لەڕووی پێکهاتەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانەوە بۆ ساڵی (2024) کۆی ڕووبەری (208176م$^2$) لەخۆ دەگرێت، کە دەکاتە ڕێژەی (6.29%)ی کۆی ڕووبەری سنووری شارەوانییەکەی.

## ڕاسپاردە

1-کاربکرێت لە دانانی ماستەر پلانێکی نوێ بۆ ئایندەی شارەکە لەسەر بنەمایەکی زانستی کە تیایدا ڕووبەری گونجاو بۆ هەر خزمەتگوزارییەك دیاریبکرێت.

2-دانانی پلانی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی یەکسانی دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی هەموو گەڕەکەکان.

3-دامەزراندنی بنکەیەکی تەندروستی لە گەڕەکی ( داڵانی) کە هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی تەندروستی تێدا نییە.

4-دروستکردنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەو گەڕەکانەی کە تا ئێستا بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە.

5-زیادکردنی بودجەی پێویست بۆ پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری لە ناوچە کەم خزمەتەکانی ناوچەی توێژینەوەدا.

## لیستی سەرچاوەکان

**کوردییەکان/ کتێب:**

مصطفى، فاطمە قادر، (2020)، جوگرافیای خزمەتگوزاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەنگەل، تاران.

**کوردییەکان/ نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

ڕەشید، هاوژین ئەحمەد،(2023)، توانستەکانی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان و کاریگەریان لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێندا (لێکۆڵینەوەیەك لە بواری بەرەپێدانی مرۆییدا)، نامەی ماستەر( بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

عزیز، أمیر قادر، (2013)، هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی ئاینی لە شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان، نامەی ماستەر ( بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین.

گۆران، باسم قاسم سلێمان، (2022)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری بەردەڕەش بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیاکان ((GIS، نامەی ماستەر ( بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

محمد، ئەژین کەریم، (2022)، هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری کەلاردا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، نامەی ماستەر ( بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**کوردییەکان/ گۆڤار:**

أحمد، بنار عبدالوهاب؛ أحمد، سەرکەوت حمەخورشید؛ جوهر، عباس هۆشمەند،(2024)، "دابەشبوون و هەڵسەنگاندنی توانستە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شاری کەلار"، گۆڤاری توێژەر، بەرگی 7، ژمارە1.

رسول، مظفر احمد؛ علي، ساسان حکمت، (2021)، "شیکردنەوەیەکی شوێنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئامێدی"، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی 6، ژمارە3.

سعید، کامران طاهر؛ محمد، شوان سعدی، (2024)، دابەشبوونی شوێنجێیی و هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری دوکان بۆ ساڵی 2021 زانینی،گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی 11، ژمارە1.

عباس، هۆشمند جوهر؛ حسێن، سەنگەر احمد؛ مصطفی، فاطمە قادر،( 2021)،"شیکردنەوەی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شارۆچکەی دارەتوو بە بەکارهێنانی سیستەمە زانیارییە جوگرافییەکان("GIS، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی8، ژمارە3.

عزیز، روستم سلام، (2016)، "هەڵسەنگاندنی دابەشبوونی قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە شاری کۆیە بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییەجوگرافییەکان"، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژمارە9.

علی، فاتح اکرم؛ حسین، بەیان علی، (2022)، "شیکردنەوەی پشتێنەی کاریگەر(Effect zone) بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی (2021-2022)"، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی 7، ژمارە4.

محمد، محمد وتمان؛ محمود، شاسوار محمد، (2016)، "شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوون و هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە"، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژمارە8.

### عەرەبییەکان/ کتێب:

بن غضبان، فؤاد، (2013)، جغرافية الخدمات، الطبعة الاولى، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

خير، صفوح، (2000)، الجغرافية موضوعها ومناهجها وأهدافها، الطبعة الأولى، المطبعة العلمية، دار الفكر- دمشق، سوريا.

صفر، زين العابدين علي، ( 2015)، تخطيط المدن (أسس ومفاهم وتطبيقات)، الطبعة الأولى، دار الوضاح للنشر والتوزيع.

الطيف، بشير ابراهيم؛ علي، محسن عبد؛ الجميلي، رياض كاظم، ( 2009)، خدمات المدن دراسة في الجغرافية التنموية، الطبعة الأولى، طرابلس- لبنان.

مصيلحى، فتحى محمد، (2007)، جغرافية الخدمات الاطار النظري وتجارب عربية، الطبعة الثانية، عمارات جامعة عين شمس الدمرداش، قاهرة.

### عەرەبییەکان/ نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

الجدبه، عبدالكريم منصور، (2016)، الخدمات الدينية في محافظة غزة (دراسة في جغرافيا الخدات)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الاداب، الجامعة الاسلامية بغزة.

الظالمي، هالة هادى صالح، (2018)، التحليل المكاني للخدمات الترفيهية في مدينة السماوة، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة المثنى.

العامري، رافد موسى عبد حسون، (2014)، الملائمة المكانية للخدمات المجتمعية في مدينة الديوانية وتوقعاتها المستقبلية، اطروحة دكتوراه(غير منشورة)، كلية التربية للبنات، جامعة الكوفة.

العانى، براء كامل عبدالرزاق، (2011)، التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية في مدينة الرومادي، اطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية اداب، جامعة بغداد.

العبدلي، معن محي محمد شريف، (2016)، تحليل كفاءة الخدمات المجتمعية (التعليمية والصحية والترفيهية) في مدينة السليمانية، اطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة الانبار.

العقيلى، ميسون محيي هيلال سرحان، (2003)، أثر المسجد الجامع على المشهد الحضري للمدينة، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، معهد العالي للتخطيط الحضري والأقليمي.

### عەرەبییەکان/ گۆڤار:

محمد، وسن نوشي، (2016)، "الخدمات الترفيهية في مدينة الزبير دراسة في الجغرافية المدن"، مجلة كلية الاداب، جامعة بنها، العدد46.